# بەڵێ بۆ سەربەخۆیی هەموو کۆمەڵێک، هەموو گوندێک، هەموو شارێک، هەموو پارێزگەیەک، هەموو ناوچەیەک، هەموو هەرێمێک، هەموو سەرزەمێنێک، بەڵام ...

هەژێن

١٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

ئایا ئەگەر فەرمانداریی هەرێمی "کوردستان" ببێتە دەوڵەت، هیچ لە تیرۆر و کوشتن و سووتاندنی ژنان دەگۆڕێت؛ هیچ لە سەرکوتگەریی و زیندان و ملهوڕیی پارتییایەتی دەگۆڕێت؛ هیچ لە برسیەتی و بێکاریی ئێوە دەگۆڕێت؛ هیچ لە نیو و سێ چارە مووچەی کرێکاران و فەرمەنابەران و مامۆستایان و خانەنشینان و ..تد دەگۆڕێت؛ ئایا هیچ لە گەندەڵی دەسەڵاتاداران، هیچ لە ساختەچییەتی ڕامیاران، هیچ لە چەوسێنەریی سەرمایەداران، هیچ لە سەرکوتکاریی پۆلیس و سەربازاران، هیچ لە ملهوڕیی جەلادان و دووڕووی سیخوڕان و پارلەمانتاران دەگۆڕێت؛ هیچ لە قومارچیەتی و لە بازرگانی کوڕە دەسەڵاتداران لەتەک داعش و داگیرکاران دەگۆڕێت؟

ئایا بەدەوڵەتبوونی فەرمانداریی هەرێمی "کوردستان" دەتوانێت لە دەوڵەتی چەند سەد ساڵەی ئێران و تورکیە و سەد ساڵەی سعودیە و عیراق و ... جیاوازبێت، کە پێشتر و ئێستاش بێجگە لە برسیەتی و بێکاری و جەنگ و زیندان و سێدارە و ملهوڕیی و ستەم و بەهرەکێشی و ناداوەریی بۆ زۆرینەی نەدار و بێدەسەڵاتی ئەو وڵاتانە هیچی دیکە نەبووە و نابێت و هەر بابای ئێرانی و تورکیەی و وڵاتانی عەرەبییە، لەتاو برسیەتی و بێکاری و سەرکوت و سێدارە بەرەو ئەورووپا ڕەودەکات و پەروەندەکەی بریتی دەبێت لە "هەڵهاتن لە دەست دەوڵەتی ئێران، دەوڵەتی تورکیە، دەوڵەتی سعودیە، دەوڵەتی سوریە، دەوڵەتی عیراق و ..تد".

ساڵی ١٩٩١-٢٠٠٣ بە کردەوە، هەرێمی "کوردستان" لە عیراق سەربەخۆ بوو؛ ساڵی ٢٠٠٣ پاش ڕوخانی فەرمانداریی بەعس بەکردەوە دەوڵەتک بەناوی عیراق بوونی نەبوو و تەنیا هەرێمێک کە سیستەمی فەرمانداریی و دەوڵەتی هەبوو، هەرێمی "کوردستان" بوو، بۆچی دەسەڵاتدارانی هەرێم، کە هەر (پدک) و (ینک) نەوشیروانییەکانی نێو (ینک) و (ئیسلامییەکان) و (حشک) بوون، جیانەبوونەوە؟

وەڵامەکە سادە و ئاسان و زیندوون، لەبەرئەوەی ئەو کۆمپانی و دەوڵەتانەی کە ئێستا خەریکی هەڵگیرساندنی جەنگی نێوخۆیی گەلانی عیراقن، ئەو کات بۆ خۆشباوەڕکردن و دەستەمۆهێشتنەوەی نەداران و بێدەسەڵاتان، پێویستیان بە پاگەندەیەکی دیکە هەبوو "حکومەتەکەمان ساوایە". بەڵام ئێستا کە ئیدی پیربووە، پێویستیان بە سیناریۆیەکی دیکە هەیە؛ "دەوڵەتی کوردی" و "دەوڵەتی سێکولار"، چونکە بەو هۆیە چەند ساڵ جەنگی نێوخۆیی دروستدەکەن و هەنبارەکانی چەک خاڵیدەکەن و قەرزێکی زۆر بە جەنگکەران دەدەن و دواتریش هەر کەسە ناهوشیار و خۆشباوەڕەکان باجی هەموو نەهامەتییەکان دەدەن و کۆتایی ئاوا جەنگێک لە دوو ئەگەر زیاتر نییە:

- یەکەم: وەک جەنگە نێوخۆییە چل (٤٠) ساڵییەکەی (مەلایی) و (جەلالی)، سەرەنجام پاش کوژرانی هەزاران و پەککەوتەبوونی سەدان و بێسەروشوێنبوونی دەیان و ئاوارەبوونی ملیۆنان کەس و هەتیوکەوتنی هەزاران منداڵ و ئەتکرانی هەزاران ژن، سەرانی فەرمانداریی بۆرجوازی کورد و سەرانی فەرمانداریی بۆرجوازی عەرەب (شیعە و سوننە) پێکەوە دادەنیشنەوە و پێکی (خوشک و برایی) هەڵدەدەنەوە و قوربانیانی جەنگەکە تاوانباردەکەن و بە کوژراوانی هەر دوو لای خۆیان دەڵێن "شەهید" و گەل|گەلانی عیراق بە هەڵگیرسێنەری جەنگەکە تاوانبار دەکەن.

دووەم، یان بە دوو دەوڵەتبوونی عیراق کۆتاییدێت و دیسان دەزگەکانی پاگەندەی بۆرجوازی کورد دەکەونەوە هەمان باڵۆرەی ساڵی ١٩٩١- ٢٠٠٣ و دەڵێن "دەوڵەتەکەمان ساوایە " و پێویستی بە خوێنی زیاتری خەڵک هەیە و هەر دەنگێکی ناڕازی بە تیرۆرکردن و لەسێدارەدان وەڵامدەدەنەوە و ئەگەر ناڕزاییەک بەخت یاری ئەو بێت، ئەوا تەواوی تەمەنی لەسایەی دەوڵەتە نەتەوەییەکەی (پدک) و دەوڵەتە سێکیولارەکەی (حکککک) لەنێو زیندان دەمێنێت.

ئایا لە چەند هەزار ساڵی ڕابوردوو تاکو ئێستا، دەوڵەت بێجگە لە ملهوڕیی و مشەخۆریی و سەرکوتکردن و تیرۆر و سەپاندنی بەرژەوەندی و چاوچنۆکی دەسەڵاتداران و ڕامیاران بەسەر نەداران و بێدەسەڵاتان، هیچی دیکە بووە، هیچ یەك لەو گەلانەی کە خراونەتە ژێر (پاژنەی ئاسنینی چەکمەی)* دەوڵەت و بەناوی ئەوانەوە دەوڵەتی چەوسێنەرانی ئەوان ڕاگەیێندراون، بەختەوەر و ڕزگار و ئازاد و یەکسان و دادپەروەرانە ژیاون، تاکو بە دەوڵەتبوونی دەسەڵاتدارە چەتە و سەرکوتگەرەکانی ئێستای هەرێم، نەداران و بێدەسەڵاتانی کوردی-زمان بەختەوەر ببن و ڕزگار و ئازاد و یەکسان و دادپەروەر بژین؟

بەڵێ، جارێکی دیکە من ئەوە دەڵێمەوە و پێداگرییەکەمەوە و هاواردەکەم، من خوازیاری سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبەریی هەموو کۆمەڵێکی مرۆیی سەر گۆی زەمین دەبم، بەڵام سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبەریی واتا ڕەکردنەوەی دەوڵەت و سیستەمی ڕامیاریی و ڕۆنانی یەکێتی کۆنفیدرالیستییانەی خۆبەڕێوەبەریی گشت کۆمەڵەکان و گەلان؛ بەڵێ من دژی دەوڵەت دەبم و تاکو مردنیش دژی دەوڵەت دەمێنم و ئەگەر بتوانم پاش مردنیش دێمەوە خەونی ڕامیاران و دەسەڵاتادارن و سەرمایەداران و دژایەتی دەوڵەتەکەیان دەکەم، بەڵام ئەوە دڵنیادەکەمەوە و ڕۆشندەکەمەوە، کە دژایەتی و ڕەتکردنەوەی دەوڵەت لەلایەن من لەبەر پاشگرە دێوجامەییانەکەی "کوردی"، "سێکیولار" نییە و نا، بەڵکو لەبەرئەوەی کە دەوڵەت ملهوڕترین و پێشکەوتووترین دەزگەی ستەمگەریی چینایەتییە و هەر دەوڵەتبوونیش بوو، کە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ تێکشکاندن و ئەوەی بە قەیسەر و لەشکری داگیرکاری ئاڵمانی و نەمسایی نەکرابوو، ئەو ئەنجامیدا و دەوڵەتی بۆرجوازی کوردیش هەر هەمان شت ئەنجامدەدات و ئەوەی کە دەوڵەتی ئێران و تورکیە و سوریە و عیراق وەک داگیرکەرێک نەیانتوانیوە ئەنجامیبدەن، دەوڵەتی بۆرجوازی کورد ئەنجامیدەدات.

من دژی دەوڵەت و پارلەمان و زیندان و سوپاس و پۆلیس و سیستەمی ڕامیاریم و تۆش ئازادیت، چ دۆزەخێک بۆ خۆت هەڵدەبژێریت و کێ دەکەیت شوانەی خۆت. بەڵام دڵنیابە سەرەنجامی ئەو خۆشباوەڕییەشت هەر گندۆرەشکاندن بە ئەژنۆی پەشیمانی دەبێت، هەر ئاوا ئێمەی سۆشیالیستخوازان لە ڕۆژانی پاش ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ گوتمان "ڕۆژێك دێت، کە دەسەڵاتداریی پارتییەکانی بەرەی کوردستانی ڕووی ملهوڕیی دەسەڵاتدارە بەعسییەکان سپیدەکاتەوە" و ئێستاش باجی چەپڵە و هەلهەلەی ڕۆژانی هەڵبژاردنەکەی ئایاری ١٩٩٢ دەدەن و تاکو نەداران و بێدەسەڵاتان چاوەڕێی "سەرۆکی باش"** و "پارتیی باش"** و "پارلەمانی باش"** و "فەرمانداریی

باش"** و"دەوڵەتی باش"** و"کۆمپانی باش " و"سەرمایەداریی باش" و"جەلادی دڵسۆزی گەل"*** بن، بەدڵنیاییەوە نەهامەتییەکان درێژدەبنەوە و باجدانەکە بەردەوامدەبێت و تەمەنی مشەخۆریی سەرمایەداران و سەروەریی ڕامیاران درێژتر دەبێتەوە.

---

* لە واتا و ناوی ڕۆمانەکەی (جاک لەندەن: پاژنەی چەکمە ئاسنینەکان) وەرگیراوە.

** لە گوتەیەکی (میخائیل باکونین) وەرگیراوە

*** ئەو چەند دەستەواژانە لە وتارێکی (ئێریکۆ مالاتێستا) وەرگیراون